# خەونەکانی من

هەندرێن



خەیاڵاندنی چیا، شیرامیک:هەندرێن

لەناو نەوای زماندا دەزریکێنم. گەرەکمە لەناو خۆمدا رووت ببمەوە، کەچی ئەو ساردییەی ئێرە پەژیوانم دەکاتەوە. رووتی تۆ بە دوای ژیانەوە دەگەڕێ، تا بێماڵییت بە سەرماوە سەرقاڵ بێت. لەبەردەم رووتبوونەوەدا دەلەرزیت. تا چیاکان جەنگی من بن، ژیانیشم لەرزین دەبێت. ئەوها تا رووتی دەپێکم، دەجەنگم.

وێدەچێ ئەو جەنگە وەک مەرگ بە ویستی من نەبێ؟ ژیانیش لە ژیانەوە لە خۆی دەڕوانێ. رەنگە واتایەکم بۆ ئەو جەنگە نەبێ، لێ بێواتایی سووچی واتایە کە خوێن لە دەمارەکانی ناتریوێنێ.

وەک کەسێک کە دەخوازێ خۆی فێری سەفەر بکا، ئەوها بۆ تۆ دەنووسم. گشت چاوتروکانێ لە جەنگی چیا دەنووسمەوە.

چەشنی خۆم پەیڤەکان مشتوماڵ دەکەم، نەک سێبەری هەقیقەت. نامەوێ بزانم بۆچی وام. ئێمە دەتوانین بپرسین، وەڵامەکانیش هەمیشە پرسیاری تریان هەیە. ئاخۆ من خۆم بدەمە دەست ئەو بێدەنگییەی کە سەرگەرمە بە پرسیارێکی بێوەڵام؟ دەزانم وەڵامی پرسیاری من، کۆتایی ئەو جەنگەی چیاکانی منە کە کۆتایی نییە. ئەوها دوای نووسینەوەی ئەو جەنگە وەڵامێک بەرزفت دەکەم. تۆ، ئەی جەنگاوەرێک لە چیا و چریکەدار بە شوێنپێیەکان، گوێ لە من بگرە، هەروەک گوێ بۆ تەنیایی رادەدێری! ئەوەی کە من دەیبێژم، ئەوە نییە کە دەمەوێ بینووسمەوە.

تۆش ئەو ئاخاوتنانەی تر بڵێ کە زمانم گۆیان ناکا.

بێچیایی، جەنگی منە. بێماڵییەک خەون بە خۆبوونییەوە دەبینێ. هەموو چاوتروکانەکانی تۆم گەرەکە، تا ئەو بێماڵییە بە شوێنپێیەکانییەوە سەرمەست بێ. ئەها بە هێوریی لەناو خۆمدا خۆم دەبەخشم و وەک گوڵنارێک منداڵییم بە خۆم و نائاشناکانی جیهان نیشاندەدەم. بیری ماڵ تووڕهەڵدەدەم، لەناو نووسیندا نیشمەن دەبم. ژیانی نووسینیش وەک چیاکان توونا‌وتوونێکە لە رەنگ، تیپ، هێڵ، هەڵەت، ئەشکەوت و بێسنووریی پەیڤەکان. دەزانی زمان هەناوی سەفەرێکە؟ من لەوێدا لە دایک دەبم: لەوێدا زاو و زێ دەکەم.

کە ئەوها بە نووسینەوەی ئەو جەنگی چیایانەوە سەرمەستم، چونکە یادەوەریی لە دەمارەکانی خوێنمدا هەڵدەزنێ. یادەوەریی چیاکان، کتێبێکی لە خاچدراوە، بە بنمیچی ئەشکەوتێکدا شۆڕبۆتەوە. بوومەتە ئەشکەوتان و خەونیشم هەمیشە بە خۆی ناگات. تۆ لە خەون بینیندا. بە خۆت دەچی. لەناو ئەو ئەشکەوتانەدا نانەڕەقی پەرش بووەوە لە شێوەی دەفتەری دڕاو، سێبووریی شوێنپێی خەونە زڕاوەکانم دەدەنەوە. ئەسپە هەڵەتەکانی ناو مێژووەکی بەزیو، بەردە بریندار، نامە و وێنە نێژراوەکانی نزیک "سێ گۆشەی" سنوورەکان، خەون بە منەوە دەبینن. من بە شێکم لە گشت ئەمانە. گشت ئەمانەش خەونێکی زڕاون. خەون لە وشەدا، ئەشکەوتی یادەکان نانوێنێ. تەنیا زایەڵەی ناو ئەو ئەشکەوتانە بگێڕمەوە؟

لێ ئێستا ژێی شکۆ دەژەنم و بۆ خۆم و ئەو ئەشکەوتانە ئازادییەکی بێپێناسە رادەگەیەنم. بێباکانە بانگی رووبارێک لە رامانی چیا دەکەم. تا دەگەیت بە خۆت: بێماڵ مەبە.

**.2010**

ستۆکهۆلم

تێبینی: ئەم کۆپلانە بەشێکن لە شیعری"چیاکانی من". لە "رووبەری داهێنان"دا بڵاوکراوەتەوە



تابلۆی نانی برژاو: هەندرێن